# شەڕی توركیا لە گەڵ دونیادا بە هۆی كوردەوە!

د. جەبار قادر

دۆزی كورد بووەتە هۆی سەرئێشەیەكی زۆر بۆ توركیا. ڕۆژ نیە توركیا نەیكا بە هەلاّ و كێشە لە گەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو ڕێكخراوە و دەزگا و كەسایەتیدا بە هۆی هەڵوێستی نامرۆڤانەیەوە لە داخوازییە ڕەواكانی گەلی كورد. دەسەلاّتدارانی توركیا وەكو نەریتێك كە نزیكەی سەدەیەكە لە سەری دەڕۆن هەموو وتەیەك كە باری ڕاستەقینەی كورد لەو ولاّتەدا بخاتە ڕوو بە پیلان لە دژی توركیا و دوژمنایەتی نەتەوەی تورك و یەكێتی خاكی كۆماری توركیا لە قەڵەم دەدەن. یەكسەر میدیای توركیاش دەكەوێتە خۆی و ئەو لایەن و ڕێكخراوە و كەسایەتیانە دەبنە ئامانجی هێرش و پلارەكانی.

لەم چەند ڕۆژەی دواییشدا چەند ڕووداوی لەو جۆرە هاتوونەتە كایەوە كە بوونەتە هۆی ڕق هەڵسانی دەسەلاّتداران و میدیای توركی. یەكێ لەو ڕووداوانە بریاری دادگایی كردنی خاوەنی دەزگای بلاّوكردنەوەی ( ئارام ) فاتیح تاشە كە دوا بەرهەمی یەكێ لە زمانزان و بیریارە هەرە بە نێوبانگەكانی ئەمریكای نەعوم چۆمسكی، كە ڕەخنەیەكی توندی لە سیاسەتی توركیا بە رامبەر بە كورد تێدایە، بە توركی بلاّوكردۆتەوە. ئەم كارەی توركیا تەنها دوو مانگ دوای ئەوە دێ كە یەكێتی ئەورووپا هەنگاوەكانی ئەو ولاّتەی لە بواری ڕێگە خۆشكردندا لە بەردەم ئازادی بیر و را دەربرین بەرز نرخاندن !!

پرۆفیسۆری زانكۆی هارڤەرد چۆمسكی هەر وەكو لە ڕۆژنامەی Independent ی ئینگلیزیدا لە ڕۆژی 24 / 1/ 2002 هاتووە بە تەمایە بچێ بۆ توركیاو لە دادگاییكردنی فاتیح تاشدا، كە داوای ساڵێ زیندانی بۆ كراوە، لە 13 ئەم مانگەدا (شوبات) ئامادە بێ. هەروەها چۆمسكی نامەیەكی بۆ بیرۆی كۆمیساری بالاّی ماف مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان ناردووە و ئەو لێكدانەوەی گوایە قانوونەكانی توركیا ڕێگە بە دەربرینی بیر و رای ئازاد دەدەن بە درۆ خستووەتەوە. چۆمسكی بە تەمایە سەر لە دیاربەكر بدا و لە گەڵ چالاكوانە كوردەكاندا كۆ ببێتەوە. ئەمەش بۆ خۆی تاقیكردنەوەی ئازادییە لە توركیا. ئاخۆ ڕێگەی پێ دەدرێ سەر لەو ناوچەیە بدا؟.

لە یەكێك لە وتارەكانیدا كە لە بنەرەتدا وانەیەك بووە لە زانكۆ چۆمسكی دەڵێ ( (كورد بە شێوەیەكی نامرۆڤانە بە درێژایی هەموو مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتی توركیا وەبەر چەوسانەوە كەوتووە...لە ساڵی 1984 دا حكومەتی توركیا دەستی كرد بە شەڕێكی فراوان لە دژی دانیشتوانی كورد لە باشوری ڕۆژهەلاّتی توركیا... ئەنجامی ئەو شەڕە زیانێكی گەورە بوو : مردنی دەیان هەزار مرۆڤ و دوو تا سێ ملیۆن كۆچبەر و پاكتاوی نەژایی فراوان لە گەڵ تێكدانی 3500 ئاواییدا) ) .

ئەم وتانەی چۆمسكی بەلای دەسەلاّتدارانی توركەوە مایەی ئاژاوە نانەوەن. بەلای چۆمسكیشەوە دادگایی كردنی تاش بەشێكە لە شالاّوێكی بەربلاّوە لە دژی كورد كە داوای خوێندن دەكا بە زمانی كوردی. سەر دۆزگەری توركیاش لە لای خۆیەوە وتارەكەی چۆمسكی بە پروپاگەندە كردن بۆ جوداخوازی پێناسە كردووە.

پرۆفیسۆری ئەمریكایی بە ڕەگەز جولەكە چۆمسكی هەمیشە خاوەن هەڵوێستە و بزێوە و بە ڕەخنە توندەكانی لە ئیسرائیل و بەتایبەتی لە ئەمریكا و ئێستاش لە توركیا و یارمەتی سەربازی ئەمریكا بۆ توركیا، ئەنقەرەی زۆر تورە كردووە. چۆمسكی ئەو دادگایی كردنە بە هێرشێكی توند لە سەر سەرەتایی ترین مافەكانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەكان پێناسە دەكا. یەكێتی ئەورووپاش كە زۆر دڵخۆش بوو بە هەنگاوەكانی توركیا لە نۆڤەمبەری ڕابردوودا خۆی لێ بێدەنگ كردووە.

هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی چۆمسكی تەنها سەر ئێشەی توركیا نەبوو لەم بوارەدا، بەڵكو لە لایەكی تریشەوە ڕق و كینەی توركان هەڵسێنرا. ئەویش لە لایەن Microsoft بوو. كێشەكە بەوە دەستی پێكرد كاتێ هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی (Hurriyet) ی توركی ئەو ئینسكلۆبیدیایەیان بینی كە مایكرۆسۆفت لە ژێر نێوی (Encarta) دا تۆماری دەكا و سەرچاوەیەكی زانیاری گرنگە بۆ ملیۆنەها قوتابی لە جیهانی پێشكەوتوودا. لەو پرۆگرامەدا بە پێچەوانەی چاوەروانی توركیاوە مایكرۆسۆفت دیاربەكر و باتمان و ئەدیمانی بە كوردستان نێو بردووە. پرس گەیشتە پەرلەمان و وەكو هەمیشە زەنگی مەترسیی لێدرا و نوێنەرانی مایكرۆسۆفت بانگ كران و لە ترسناكیی و هەستیاری بابەتەكە ئاگادار كرانەوە. هەر چەندە مایكرۆسۆفت بە وتەی ڕۆژنامەی (حوریەت) داوای لێبوردنی كردووە و ئەوەی ڕاگەیاندووە كە ئەوان هەموو تێبینی و ڕەخنەیەك لە مەر پرۆگرامەكانیان زۆر بە جیدی وەردەگرن و لێی دەكۆڵنەوە و هەر هەڵەیەك لە پرۆگرامەكانیاندا ڕووی دابێ ڕاستی دەكەنەوە، لێ وادەزانم ئەمە تەنها بۆ خاتر جەمییە چونكە سەدان ملیۆن لەو پرۆگرامانە

بلاْوكراونەتەوە و تازە چاك كردنەوەیان لە تواناداا نیە، مەگەر بۆ چاپی نویَ لە داهاتوودا مایكرۆسۆفت لە پیَناوی قازانج و بازاری توركیدا راستیەكانی میَژوو و جوگرافیا بخاتە ژیَر پیَوە. لیَرەشدا پسپۆرانی كورد لەو بوارەدا پیَویستە كاردانەوەیان هەبیَ و بیَ دەنگ نەبن.

سكاندالیَكی تر، بە وتەی میدیای توركی، لە سویدەوە هات. كاتیَ لە پیشانگای

( (رۆژانی كولتوری كار لە سویدا) ) لە شاری ئەزمیرِ كتیَبیَك لە ژیَر ناونیشانی

( (سوید و توركیا) ) بلاْوكرایەوە، كە تیَیدا بە وتەی میدیای توركیا باس لە قركردنی ئەرمەن و رەشەكوژی كورد كراوە و وشەی توركیش بەوە لیَكدراوەتەوە كە نیَوی نەتەوەیەك نیە بەلَكو پیَناسەی گروپیَكی زمانە. ئەم كتیَبەش بووە هۆی هەلاَ و بگریَكی زۆر لە توركیا و یەكسەر كەوتنە تاوانیار كردنی دەولَەتی سوید بەوەی چۆن ریَگە دەدا كتیَبیَكی وا بلاْوببیَتەوە و لە پیشانگایەكدا كە لە توركیا بكریَ بە سەر خەلَكدا دابەش بكریَ. بالَیۆزی سوید ئاننا دیسمۆر وتی ئەو وا بیر ناكاتەوە كە تورك نەتەوە نیە، بەلاَم لە بارەی كەمایەتییە نەتەوەییەكانەوە ئەوا ئیَمە و توركیا دید و بۆچوونی جیاوازمان هەیە. ئەم كتیَبە لە لایەن Kaj Falkman كە لە سالاَنی 1990 تاوەكو 1995 لە ئەستەموولَ كۆنسولی سوید بووە و لە لایەن ئینستیتوتی سویدەوە لە سالَی 2000 بلاْوكراوەتەوە و سەرەك وەزیرانی سویدیش Goran Persson پیَشەكی بۆ نووسیوە.

ئەو زانیارییانەی لەو كتیَبەدا هاتوون كە باس لە نەخشە و پلاَنەكانی توركیا بۆ لە نیَوبردنی ئەرمەنەكان دەكەن و لە دوای ئەوەش چۆن كەوتنە گیان كوردەكان كە لە گۆر نووسەری ئەو كتیَبە زیاتر لە 12 ملیۆن مرۆڤن و داخوازی مافە كولتوورییەكانی خۆیان دەكەن، هۆی تورەییەی شۆڤینیستە توركەكانن. هەر لەو بوارەشدا باسی ژنی بالَیۆزی پیَشووی سوید دەكەن كە بە رەگەز تورك بووە و وەكو كەمالییەكی تا سەر ئیَسقان نیَوی دەبەن و باسی ئەوە دەكەن چۆن هەمیشە لە خزمەتی توركیادا بووە.

بەو شیَوەیە توركیا كە نایەویَ دان بە راستییەكانی میَژوو و جوگرافیا و مافی كورد و گەلانی تری توركیادا بنیَ و هەمیشە لە هەولَی شیَواندنی راستییەكان و چەواشەكردنی بیر و رای گشتیدابە دەیەویَ جیهانیش وەكو ئەو بیر بكاتەوە و هەر رۆژەی تووشی سەرئیَشەیەك دەبیَ.

تیَبینی كوردستان نیَت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەكەیەت، كوردستان نیَت لە ناوەرۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت